

خوێندنەوەیەکی ژنانەی کۆمەڵە شیعری «چریکەیەک لە دۆزەخەوە»

لەیلا عەنایەت زادە
(بژکان)

هەرچەند بەهۆی نەزمی پیاوسالاریيەوە، ژنایەتی بەردەوام سەرکوت کراوە، بەڵام سەرلەنوێ بوار و بەستێنی سەرهەڵدانی دۆزیوەتەوە. "هێلێن سیکسۆ" فێمینیستی پۆست مۆدێرنی فەرەنسی پێی وایە کە یەکەم قۆناغی شۆڕشی زەینی لە کردەی دلالەتخوازانەی زمانەوە دەست پێ دەکات، بۆیە نووسراوەکانی ژنان و داڕشتنی زمانێکی دامالّراو لە دۆگمی و قسەی پڕوپووچی جنسییانە، دەتوانێ شۆڕشێک لەجۆری بیرکردنەوەدا بخولّقێنێ. لەم ڕووەوەیە کە "سیکسۆ" ژنان بانگهێشت دەکات تا بچنە گۆڕەپانی خەباتەوە و بە نووسینی چەمک و بابەتی ژنانەوە، خۆیان لە دەرەوەی دنیایەک بنووسنەوە کە پیاوان دایانڕشتووە، بەم جۆرە ئەو پێکهاتە دووانەییەی ژن/ پیاو کە ئێمەیان گەمارۆداوە، تێک بشکێنرێ.

"ئێریگاری" زمانناس، فەیلەسووف و سەر بە شەپۆلی سێیەمی فێمینیستیش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گوتاری پیاوانە قەت نەیتوانیوە لە ژن، یان ژنانە بە شێوازێک غەیری ڕەنگدانەوەی پیاو، یان پیاوایەتی تێ بگات. پیاوان کە چاو لە ژنان دەکەن تەنیا ڕەنگدانەوە و وێنەی خۆیان دەبینن، بۆیە "ئێریگاری" هەروەک سیکسۆ لەو بڕوایەدایە کە حەزی جنسی ژنانە و جەستەی ژنانە، سەرچاوەی نووسینی ژنانەیە. ئەو ژنان هان دەدات تا یەک بگرنەوە و بوێری قسەکردن بە دەنگی بکەر و سووژە بە دەست بهێنن و لەو هێمنایەتییە درۆینەی دەنگی ئۆبژە کە ئەنجامێکی غەیری بێ متمانەیی نییە، خۆیان دوور ڕابگرن.

"ژوولیا کریستیڤا" یەکێکی تر لە ژنانی فێمینیستی فەرەنسی و ڕەخنەگری ئەدەبی بڕوای وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەواو سەربەخۆ نییە و پەیڕەوی دیاردەگەلێک وەک مێژوو، پێوەندییەکان، بەستێن و کولتوور و زمانە. "کریستیڤا" لە نووسراوەکانیدا جەخت دەخاتە سەر "سووژە، یان بوونەوەرێکی بێژەر" یانی ئەو کەسانەی کە تەنیا کەڵک لە زمان وەرناگرن، بەڵکو تێیدا سەرهەڵدەدن. بەم پێیە لای

کریستیڤا زمان پێکهاتەیەکە کە "سووژەی بێژەر" لەوێدا هەم خۆی بەرهەم دەهێنێت و دروست دەکات و هەم خۆی دەڕووخێنێ.

"کریستیڤا" دەڵێ کۆمەڵگا بە پاڵپشتی کردن لە پێکهاتەی پیاوانە، چاوپۆشی لە پێکهاتەی ژنانە کردووە و ژنایەتی سەرکوت کردووە، بەڵام ئەم ژنایەتییە زۆر جار بە شێوازی شێتی و شەیدایی، تەنانەت هونەر سەری هەڵداوە. کەوابوو لە هەرشوێنێک کە هونەر، شێتی، شیعر و تێکچوون هەبێ، ژنایەتیش هەیە و هەوڵ بۆ سەرکوتکردنی دەدرێ.

هەر بۆیە لە ناو کۆمەڵە شیعری "چریکەیەک لەدۆزەخەوە"ی شوعلە بەیگزادی بە دوای ژنایەتی و چۆنیەتی دارشتنی ئەو ژنایەتییەدا دەگەڕێن و بۆ ئەم مەبەستەش لە تیوری ڕەخنەی فێمێنیستی و چوارچێوەی فیکری "ئەڵاین شوالتر"وەک فێمێنیستێکی ئەمەریکی کەڵک وەرگیراوە.

"شوالتر" یەکێک لە بەرچاوترین ڕەخنەگرانی ئەدەبی فێمینیزمە کە بڕوای وایە لە ڕەوتی ڕەخنەیی نووسراوەی ژنان، دەبێ بەرهەمی ژنانی نووسەر بەپێی ئەزموونی ئەوان وەک بەرهەمهێنەری دەق تاووتو بکرێ. شوالتر لەم پرۆسەیەدا بە "جینۆکریتیسیزم" ناو دەبات کە بریتییە لە چوار مۆدێل، یان نموونە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نووسراوەیەکی ژنانەدا، ئەم چوار مۆدێلە ئەمانەن:

بایۆلۆژی، زمانناسی، دەروونناسی و فەرهەنگی.

لەم چوار نموونەیەدا، مۆدێلی بایۆلۆژی کێشەسازترە و لێرەدا دەق دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ جەستە و ژنان لە نووسراوەکانیاندا باس لە ئەزموونی جنسی و جەستەیی خۆیان دەکەن، هەرچەندە هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە ئەم جۆرە دەقە، ژنان تەنیا لە جەستەدا کورت دەکاتەوە، بەڵام "شوالتر" ستایشی ڕاستگۆیی هەژێنەری نووسەرانێک دەکات کە کردە نهێنییەکانی جەستەیان باس دەکەن.

لە مۆدێلی زمانناسیدا، ژنان لە زمانی پیاوانە وەک زمانێکی بیانی کەڵک وەردەگرن و هەوڵ دەدەن تا ئەو هەڵاواردنە جنسییە لە زمان دامالن، هەروەها شوالتر دان بە گوتارێکی ژنانە لە بەرهەمی نووسەرانی ژندا دەنێ. ڕەخنەگرانی فێمینیست، بوونی زمانێکی تایبەت بە ژنان لە کولتوورێکی پیاوسالاریدا بە سەرکەوتوویی ژنان دادەنێن.

لە مۆدێلی دەروونناسیدا، کاریگەری و کردەی دەروونی لە نووسراوەکانی ژناندا لەبەرچاو دەگیرێ و بە ڕای شوالتر دەروون و ڕەوتی هونەری سەرچاوەگرتوو لە دەروون لای ژنان و پیاوان جیاوازە.لە ئاکامدا مۆدێلی فەرهەنگی، باس لەمەدەکات کە چۆن کۆمەڵگا لە سەرهەڵدانی بیرۆکە، بۆچوون و ئامانج و خولیای ژناندا کاریگەری هەیە.

"شوعلە" لە کۆمەڵە شیعری "چریکەیەک لەدۆزەخەوە" بە دەنگ و ڕەنگ و چەمک و بەگشتی پێکهاتەی ئەدەبی ژنانەوە دەنووسێ و دەڵێ: "لەو ساتەوە بینین دەستی بەچاوم کردووە، گلێنەم ئاوپڕژێنی دنیا ئەکا". کەوایە "شوعلە" وشیاربووەتەوەیە و لە تێفکرین لە هیچ شتێکی دنیا ڕانابوێرێ، بەڵام ئەو وشیاربوونەوەیە، بەرپرسیاریەتییەکی دەخاتە سەرشان و هانی دەدات قەڵەمێکی باریکەڵە هەڵگرێ، بەڵام نەک بۆ سەقامگیری، بەڵکو بۆ تێکشکاندنی نەزمی باو و یاخی بوون لە ئەتلەسی جیهان، بۆیە شیعر دەکات بە پانتایی ئەو شۆڕشە زەینییەتییەی خۆی و هەروەک خۆی بە نیشتمان دەڵێ.

"لەو ساتەوە بینین دەستی بە چاوم کردووە
گلێنەم ئاوپڕژێنی دنیا ئەکا
بە قەڵەمێکی باریکەڵەوە
یاخی لە ئەتلەسی جیهان
وەک دەڵێن
ئێستا شیعر بووە بە نیشتمان"

قەڵەمە باریکەڵەکەی شاعیر ئەرکی ئەوەیە کە خولیای ژنان جارِ بدات، ئەگەرچی بە هۆی دەسەڵاتی باوکسالاری و نەریتی پیاوانەوە ئەو خولیایەی لە بیرچوونەتەوە و کەسێک ئاوڕی لێ نەداتەوە و هەڵی نەدا. شاعیر لەم گەڕان و بەدواداکەوتنی خولیای ژنان، خوی بە قەرەجێک دەشوبهێنێ کە قەڵەمەکەی لێ ون بووە، بەڵام تەنیا قەڵەمەکەی ئەوە کە دەبێ ئاوڕ لە لاپەڕەکانی جارنامەی خولیای ژنان بداتەوە.

"...

من بەشێکم لە جارنامەی خولیای ژنان
بیرچوومەوە و زۆر لە مێژە

نە خوێنەرێ ماچم ئەکا و
نە ڕێبوارێ هەڵم ئەکا".

شاعیر بەردەوام بە دوای نوور و ڕووناکیدا دەگەڕێ و لەمە ئاگاداره مێشکێکی دەستەمۆ کە پرسیاری لا دروست نەبێ، هەوڵی فڕین نادات و دوای ڕووناکی ناکەوێ، بەڵام شاعیر تەنانەت بیر لە ڕەنگی سەرکەوتن و ڕزگاری پاش مەرگیش دەکاتەوە." ئاخۆ سەرکەوتن، پاش مردن بە چ ڕەنگێک وەردەگیرێ".

لە خوێندنەوەی شیعری شوعلەدا بە پێی مۆدێلی بایۆلۆژی، دەبێ بە دوای ئیماژ و وێنەی ئەدەبی پێوەندیدار بە جەستە و جنسی ژنانەدا بگەڕێین. لەم گەڕانەدا بەدەگمەن شتێکم سەبارەت بە ئارەزوو و خواستی جەستە و باسکردنی بوێرانە لە هەست و نەستی شاعیر بەرچاوکەوت، هەر چەندە شاعیر لە هەندێک شوێن هەوڵی داوە ئەو ژنایەتییە سەرکوت کراوە، زیندووبکاتەوە و وشیارانە باسی لە هۆکارەکانیشی کردووە. وەک دەڵێ:

"چرکەیەک پێی هەڵنەکەوت
ئامێزت
بە ژوورەکەمدا هەڵواسم
ئێستە دیوار
جەردەی هەناسەمە
و... "

یان دەڵێ:

"بەکاتی شاعیرێک ئێوارە
پیاسە و عەشق و خۆشەویستی
بە کاتی شار
مەکەولاوە
عەیب و عارە
..."

شاعیر تەنانەت دواتر داوا دەکات تف و نەفرەتی لێ بکرێ کە نەیوێرا بشنێتەوە و بێتە سەما. لە هەندێ شوێنیشدا شاعیر بە ئاماژەدان بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت کردنەوەی زیرەکانەی لایەنە دەروونی و مێژوویەکان، دارشتنی کەسایەتی خۆی و کەسانی وەک خۆیان بۆ دەردەخات. بۆ نموونە:

"پەیژەی ئێسکم
ڕێگەی ژوانە
ترس بەردە و پەنجەت دانە
لە ئۆقیانووسی پرسیار گەڕێ
دەریا!
ئێسک وردبووی گێژەنێکم بێ
متمانە"

یان بۆ ئاماژە بە هۆکارە مێژوویەکەی دەڵێ:

"من گێلاسی کوڕە عەشقێکی
زراڤم
باسی خۆڵ و خوێن و سێدارەیە
لێم ناگەڕێن ئاشکرا بم".

هەروەها شاعیر لە شوێنێکی تر باس لەو کۆسپە دەروونی و هێمایینە دەکات کە ناهێڵێ حەز و خۆزگەی ئەو بەدی بێت:

" کە تۆ هێمای هێڵی سوور و
من سنووڕێکی دەستەمۆ
چاوەڕێی چیت، بەیەک ناگەین
کە منت دی
سەرت داخەو
بە لێواری جوغرافیای جەبرا بڕۆ"

لە باری زمانناسییەوە، زمان هەم کەرەستەیەکی پێوەندی گرتنە و هەم بە وێنەی ئاوێنەیەکە کە ئاڵۆزییە فیکری و فەلسەفییەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، هەروەها مرۆڤ زمان بە شوێنێک دادەنێ کە لە ڕێی ئەوەوە شوناسی خۆی بەرهەم دێنێ. لەم ڕووەوە ئەو شاعیرانەی کە لە تواناییەکان، هێما و نهێنییەکانی زمان تێ دەگەن، دەتوانن جارێکی تر لە زماندا لەدایک ببنەوە و بە شێوازێکی جیاواز شیعر بهۆننەوە، بەم جۆرە دەروون و بیری نووسەر لە شیعریدا ڕەنگ دەداتەوە.

شاعیر لە "چریکەیەک لەدۆزەخەوە" بۆ هۆنینەوەی ئەزموونەکانی خۆی کەڵکی لە هەندێک وشە وەرگرتووە کە هەر لەو دنیایەوە هەڵقوڵاوە، هەروەها شاعیر بڕێک وشەی نوێ دەخاتە ناوئاخنی شیعرەوە و چەند ئاوێتەکارییەکی نوێ دەکات وەک "هەڵچوونی لەش، خاتوو دنیا، سواخ دراوی نەریت، چنینی یادگاری، قەوارە ڕەنج، هەیوانی گەردن و تەقەڵدان لە ڕەجاڵی" و دەیان وشە و دەستەواژەی تر دەخولقێنێ تا بتوانێ وێنەیەک لە ژنانی سەردەمی خۆی ئاراستە بکات.

لە شیعری "چریکەیەک لەدۆزەخەوە" شاعیر ڕاشکاوانە باس لەو دۆزەخەی دەکات کە تێیدا ژیاوە و هەر بەردەوامە و دەڵێ: "ئاخو چەن قەوارە ڕەنج ماوە تا سپیدەدەم".

باسی ڕەوتی بیرۆکەی خۆی لە بەندەیی و ملکەچ بوونەوە دەکات تا یاخی بوون و لە کۆتاییدا سەربەستی: "لە بەندەوە تا سەربەستی هەڵاتووم"، ئەگەرچی بڕیاربووە مژێکی خەست لە ڕێبوار و گاڵە و برین بدات، بەڵام شاعیر وەک خۆی دەڵێ بێزوو بە کازیوەوە دەکات و لە کەناری شەودا شەپۆل دەدات و لە کۆتاییشدا شەوی

هەڵدەوەرێ.

ئەم شیعرە هاواری ناڕەزایەتی دەربڕینی شاعیرە بەرانبەر بەو دۆزەخەی تێیدا دەژی، بەرانبەر بەو ڕاهاتنە و ئەو بێ دەنگییەی کە ڕژاوەتە ناو شار وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ.

بە پێی مۆدێلی دەروونناسی لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا، پیاوان نەک تەنیا جەستەی ژنان، بەڵکو دەروون و ڕەوانی ژنانیش دەچەوسێننەوە تا بەسەر ئەویشدا زاڵ بن، هەرچەندە لە هەندێک شوێن لە شیعرەکانی شاعیردا کارتێکەری و ناچالاکییەک بەرچاو دەکەوێ و وەک ئەوەی "گرێی سێندرەلا" لە زەینی شاعیریشدا ڕەنگی دابێتەوە، چاوەڕوانی هاتنی چەند سوارێکی کوڕەخاسەیە و بە هاتنیان دەگەشێتەوە، بەڵام شاعیر لە شوێنی وایشدا هەیە کە لەو نۆرمە زمانییە پیاوانەیە دەرباز دەبێت و دەڵێت:

"ماوەیەکە
بە کاتی عەشق
چرکەکانت ساردی ساردە
لەم مەداڕە خۆت دوور ئەگری
منیش وام کرد
وەک ئەوەی هەرگیز نەتناسم
..."

لە مۆدێلی فەرهەنگیشدا شوالّتر لەو باوەڕەدایە کە نووسراوەیەکی ژنانە لە قووڵترین توێژە دەروونییەکانی خۆیدا چیرۆکی کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر بۆچوون و ڕوانگە و کردە و مەبەستەکانی ژنان دەگێڕێتەوە. بە دڵنیاییەوە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا مرۆڤ ناتوانێ چاوەڕوانی بەرهەمهاتنی ژنانێکی زۆر چالاک و ئەکتیڤ ببێ، لەم کۆمەڵگایەدا ژنان شوناسێکی سەربەخۆیان نییە و گشت ئامانجەکانیان لە پێناوی دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانی پیاواندایە، بەڵام شاعیر ئەم دۆخە فەرهەنگییە دەگوێزێتەوە ناو دەقی شیعری خۆی و بەردەوامیش لێی دەنالّێ و تەواو هەوڵی خۆی بۆ ئاگادارکردنەوە و ڕزگاربوون لەو دۆخە دەخاتە گەڕ و لە گشت دژوارییەکانی ئەو ڕێگایەش ئاگاداڕە و وەک خۆی دەڵێ:

"لەوانەیە بەم بە سۆزنگەی کارەسات
بەدژواری سەرهەڵدانێ
تڵوعێکی ناتەواو بم
... "

شاعیر وشیارە لەوەی کە ژنایەتی چاوەڕوانکراو، بەپێی نەریتی کۆمەڵگا بە دادی ئەو ناگات:

"نە کەرامەتی کرشمە و ناز
نە بەژنی تریفەخوو
نە قامەتی هەروەک نەی بە ئاواز
لەوانەیە ژوانم لێ بتوڕێ
... "

بەڵام شاعیر حەزی لە یاسای بەندی هەناسە، لە مەچەکی مردووی نێو کەلەپچە و خوێندنەوەی ڕۆمانی سەرشۆڕی و لە تاقەتی کۆیلە نییە، هەروەها ڕێگای بێ سەرەنجام و شۆڕشی بێ دەسکەوتی خۆش ناوێت، بۆیە وەک خۆی دەڵێ:

" خەزان لە مندا پیر بووە و
ڕیشەم سەری بەردی ڕووشاندووە
... "

هەروەها دیسان دەڵێ:

" وای لە چریکەی یاخی بوون و
لەوانەیە بەم بە سۆزنگەی کارەسات"

لە ئەنجامدا ڕێژەی زۆری وشەگەلێک وەک "شۆڕش، جەنگاوەر، سەرباز، دیوار، زیندان، ڕێگا، شەقام، خەون، چیا و پێدەشت و چرا و خەزان و پەپوولە و فڕین" لەم کۆمەڵە شیعرەدا ئەمەمان بۆ دەردەخات کە خاتوونی شاعیر، ڕێگای شۆڕشێکی لە شیعردا هەڵبژاردووە و دەتوانین بڵێین شاعیرێکی ڕەخنەگری فێمینیستە، هەروەک لە سەرەتاشەوە باس کرا هەوڵ بۆ ئاوپرژێن کردنی دنیا دەدات، کە دنیای ژنایەتی شاعیرە.